

**مەشخەڵانی سەرئاریز**

**ئەگەر شەش پەڕەی باڵکان بکەن،**
**ئەگەر پێبەست بمان خەنە قەفەز،**
**داوی پێمان دەبڕین و دەفڕینەوە.**
**دەفڕین و دەچینە ئامێزی خەندەی دوای گیریان.**

**بەهارەبەهار، گەلی دۆستان چ خومێک لەکوێستانی دڵم سەوزدەبێتەوە!**
**بەهارە کۆچی یاران و خەزانی ماڵی شۆڕش.**

**ساڵێک هەر ئالەم ساتە وەختە، لەوکاتەی گوڵەگەزیزەکان بەڕووی چیادا دەخەنینەوە،**
**پۆلێک ئەستێرە کۆچیان کرد،**

کۆچێک بەرەو بەرزایی،
بەرزاییەک تالەرچاوان بن،
هەموو بەیانییەک سلاوتان بۆبنێرین،
هەواڵی شارو سەنگەرو لێکدابڕان و
شادو ناشادی ئێمە ببیتسن.
کۆچیک وەک کۆی خرمانی شۆڕشێک شەقڵی شکا و مانگ
ئەسرین لەچاوی هاتەخوار.

بەهار ئاودامانی سەوزدەپۆشێ،
شەماڵ قژی خاوی گەنمە بەهارووی
بەر پەنجەرەکان شانە دەکات.

کۆچ ولێکدابڕان، کۆچی ناوادە.

وەرز بەپەلەیە؟! زەوی چاوەڕێی پڕشەنگی خۆر و نمی باران.

حەفتا دارعەرعەری گەڵانارنجی، لەناو تیرفەی مانگەشەوا
وەک جاران ئاودانی سەرسفرەی جووتیارانی بێسارانن،
کۆڵانەکان، دەرکی ماڵان، سەرکانی، سێبەری لادیوارەکان،
هەموو ئاوەدان دەبێتە سرتەسرتی خۆشی.

برڕێک دوورتریش،
چەخماخەی تەنیا تفەگێکی گوێی ڕووباری نەوەڕە و کێلەکانی
ئەیوبی نەبەوییە، یەک لەئامێز دەگرن و گۆرانی خەم دەچڕن!
شار ڕەش پۆش دەچنە سەیران،

دایکان دڵە خورپە،
کچکەی عەزیزەش  لەگەڵ چەند چۆلەکە دەدوا.
دەستە گوڵەکانی هەموو حەوتوان، دەچنە ملی قشڵاخ و دەبنە
دیاری نەورۆز و بەرەو ڕووباری سیروان دێن تا
سڵاوێک لەدابان و هەلاج و کارۆخ بکەن.

ئێوارێی سەرکوڕەی مریەم، مات دەڕوانێتە دەوری شار، وەک
تەتەرێک چاوەڕێیە.
ئارێز گوێ شل دەکات تا خشپەی  پێی پەیکێک ببیستێ.
شەو گوێ گرتووە ناوی خۆی لەشۆکێەوە گوێ لێبێت.
لەلاوەش شەهین باوەفاس کۆڵێک دەرمانی پێیە،
تا ئەو زامانە بپێچێ، خۆی ئازاری چێشتووە.

کۆچ و لێکدابڕان!
کۆچی پۆلێک تەیری نامەبەری ئازادی.
هۆ ئەستێرەکانی  شەوە لێنگێزە بارانی  چلچەمە!
ئەگەر بەستەڵەکی زستان  دەتوانێت زەوی دابگرێ و
گەڵای درەختەکانی باوەرێز خشەخش بوەرن.
بەڵام ئێوە هێمای شۆڕش و یادی کۆڕی یاران ناوەرن.

کۆچ ولێکدابڕان، لێکدابڕانێکی کوتووپڕ!
عەرز عەبەسابوو، شار پڕلەغەڵبەغەڵب؟
دیوارەکان، شەقام، گۆڕەتەنیاکەوتووەکانی تایلە، هەموو مات!

لە دوورەوە ڕوانیم، لەناو ئاپۆرەی تفەنگ و

لەژێر ئەڵقەی کەلەبچەدا، پۆلێک جەستەی نەشکاو هاتە بەرچاوم،
ڕیزڕیز کۆڕیان بەستبوو.
قادر دەستەکانی کردبووە ساباتی باوەشی شەهلا!؟
کەڕاونیم لە ناوجامانەیەکەدا، منداڵێکی گیان گژنیژە دەرکردوو،
ئارام خەوی لێ کەوتووە!!

ڕەحمەت قولە گیایەکی وشکهەڵاتووی بەدەستەوەیە و باوەشێنی دەکات!!
مامۆ تۆفیقش، قومقمۆکە ئاوێکی ناو قەوزە گرتووی گەرمی بەدەستەوەیە،
لە تەنیشتیان وەستاوە.

گوتم: ئەوە بۆلێرە ئاپۆرەتان بەستووە؟
گوتیان: تازە ناو نووسکراوینەوە وەک ئێرانی!
- چۆن؟!
- ئەی مەگەر نازانی لەم وڵاتەی لێی لەدایک بووین، تائێستا بێگانەبووین!؟
لەوڵاتی ڕەجم، لە وڵاتێک قەبرستانی نەحلەتکراوی تێدایە،
وڵاتی جمهوری سێدارە،
هەرکەس دەنگی هەڵبڕێ، هەرکەس بیسمیلای نەکات، وەک ئێمە بەنەحلەت دەکرێت؟

ئالەم وەیشومەیدا، زەوی شەرمی کرد، چیها شەرمەزایەک دەوخولقێت.

لەگەڵ هاواری ئەم وشانە، لەگەڵ بینینی ئەڵقەی کەلەبچەی دوو دەستی ئازا،
لەگەڵ ژانی ژێر قەدماغەی زامێکی ناو سەنگەر،
لەگەڵ پەیکەرێکی یەخسیرو چەند چاوی نەترساوا،
ئاویەریش سەیرانگاکانی داخستوە و ئاڵایەکی سووری لەملی ئاڵاندووە، بێ کەیف، ئەستێرەیەکی یانزە مەشخڵ داگیرساوی بەدەستەوەیە، لەگەڵ شاری سنە دەدوێ،
باسی ئێوە دەکەن، دەڕواننە مەنزڵگەی چۆڵتان.
سرتە سرتی سەرشەقام،
چەند نامەی نەخوێندراوە،
چاوەڕوانی لەتاڕواگەدا!
ئەمڕۆ چۆڵ و هۆڵە پێدەشتەکانی ساڕاڵ،
دەزانن بۆ ئێمەش ترافیە یاران،
بۆ کۆمەڵەش"کۆست.
ئەو سەنگەرەی ئێوە سێرەتان تیاگرت،
ئەمڕۆ پۆل پۆل قوتابی بەقەڵەمەوە.
ئەوکاتەی سرتە سرتی ڕاگوێزانی بارەگای شۆڕش بوو،
زمزمەی دانانی تفەنگ دەبوە پیشە؟!
ناوتان سروودی منداڵە قوتابیەکان بوو.

ئەوکاتەی دەنگی بەرزی کوردستان دەکەوتە بەرلۆمە!
ناوتان بەستە و گۆرانی ڕێگای بێری مەڕدۆشی کوردستان بوو.
ئەوکاتەی ئەژنۆکانی ڕووبەڕووبوونە لەرزین،
ناوتان دەنگی ژنانی سەرکێشی بەرەو ئازادی بوو،

بەیتی بن دیواری پیرەکان و داستانی کۆری سەیرانچیانی ئاویەرو گوێی گۆماویی قشلاخ .

مخابن ئەمجارەش لێرە، لە ژێر هەوری ژەهرین،
لەشەوێکی ئەنگوستە چاو، سەنگەر و مەشخەڵ،
دەستەگوڵی دەستی کچانی شاری سنە،
ناسۆرە دەی هەژێنێ!

کۆچ دوای کۆچ و لێکدابڕان بێی ماڵ ئاوایی!
بەڵام ئەگەر کەس نەتان ناسێ!
ئەگەر ڕۆح لەبەرەکان بچنە خەوی لەبیرچوونەوە،
ئەوا دارستانی چری شلێر و سەرمای پاییزو ورکەنانی گیرفانتان،
سیرمەی کەوشە هەڵدڕاوی بۆنگرتووی پێتان شاهیدن.
هەموو چەمشار،
تالوتکە بەرزەکان، دۆڵ بەدۆڵ، پنچک بەپنجک نەخشەی بەری دەستان بوو.
حەفتا مەشخەڵی ڕەنگ هەناری ناوتاریکای شەوی ساردی زستانی ساڕاڵ، لەرەفن بەرەو دەنگی ڕاساو.
ناوی"گوردانی شوانیش" پیتی سەرتەختەی ڕەشی قوتابخانەکانە.

کوا وادەی بوو! خۆکاتی رەشیشی خاکە لێوەی بەهارە،
نەک وشکەساڵی شۆڕش!

ئێوە گزنگی بەرە بەیانی  بەهار و
 هێمای کۆمەڵە و سمکۆڵی فرتینە بۆ شۆڕش بوون.
 ئەگەر جەرگاوس بم زیاتر، کاتێک هەڵم مژی  ئاوی جەمینی ئێوە،
هێدی هێدی مل دەنێین و واگل دەبین، هەموو دەست لەملی دایکانی  دڵ کولا دەکەین.

کوا وادەی ئەم خەزانەبوو.
هێشتا کاروانی سوورمان هەرلە کاژەو ساوایە.
دەزانم دێوەزمەی مەرگ و تووڕەی سیروان و ڕەشپۆشی کوردستان، هەر
هەموو لەناکاو بوونە گڕو بەگڕ بەهارداچوون و نەورۆزیان کردە گیران!!
ئێوەش بوونە هاودەمی دەستە گوڵە خنکاوەکانی هەڵەبجە.

هەڤاڵینە کاروانی ئێوە ڕوناکی بوو، بەقوڵای نائومێدیدا چووەوە.
ئێستاش تاجە گوڵی خەڵاتکراوتان لەباوەشی ڕووباری قشلاخ،
لە دەربەندەکانی هەورامانەوە دێت و سیروان لێی وەردەگرێت و
 دەیکاتە دیاری بۆ مەحمودی سەجادی.

مانگ بە شەوارە کەوتبوو، تاجە گوڵینەکەش ئاو بەچاوەکانیدا دەهتاخوار!!
دەستەکانی فەتێ و ڕیزوان و هەرموو لەبەرلێزمە باران و تالاو ژەهر

لەگۆکەوتوون.

ئینجا تاجە گوڵی شاری سنە، ڕێگای لێون دەبێ و لەگەل کاروانی بە شەوارە کەوتووی ژن و منداڵە بەژەهر خنکاوەکانی هەڵەبجە کەوت!!
گوڵ لەعەزرەتدا باوەشی بەملی منداڵێکی دایک لێ ون بودا گرت،
چووە سەرقەڵاندۆشکانی شەپۆلی سیروان و بەگریانە ئاوڕیدایەوە،
: ماڵ ئاوا ئەی مەڵبەندی قڕ کراو!
من دەڕۆم تاوەکوو لەگەڵ ئاو ببمەوە هەڵم، ببمەوە باران بۆگیا خنکاوەکان.
هاڤاڵینە ناوتان پەڕەی شانازیمانە هەموو ڕۆژێک لە شەقامەکانی شار، لەسەری دەنووسرێ مەشخڵانی سەرئاریز، مەشخەڵانی سەرئاریز.

٢٦/ ڕێبەندانی ١٣٨١ سوئێد، ئەحمەد بەهرامی"تورجان".